# شەریف پاشا کێ بوو؟

**نووسینی: ڕۆهات ئالەکۆم**
**وەرگێڕانی: کاوە ئەمین**

**بەشی یەکەم**



Cherif Pascha. (Bilden är tagen av hovfotografen Selma Jacobson. Varia, nr 4/1899)

یەکێک لە کەسایەتیە ناودارەکانی کوردی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتایی سەدەی بیستەم، شەریف پاشا بووە، بە تایبەتی ئەو کاتەی کە وەک سەفیری دەوڵەتی عوسمانی لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوێد، دەستبەکار بووە. بە(خۆی) و سمێڵێکی تا ڕادەیەک گەورەو تەربوشەکەی سەرییەوە، سەرنجی ئەرستۆکرات و خانەدان و سیاسییەکانی ئەو کاتەی سوێد بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت. ڕۆهات ئالەکۆم، لە کتێبەکەی خۆی بە ناوی "پەیوەندی کورد و سوێدی لە ماوەی هەزار ساڵدا"، بە شێکی کتێبەکەی بۆ شەریف پاشا تەرخان کردووە. من لێرەدا ئەو بەشەی کتێبەکە کە لەسەر ژیانی شەریف پاشایە دەکەمە کوردی، تا ئەو جێگایەی کە لاپەرەی ڕۆژنامەیەک بتوانێت بۆ بابەتێکی لەم شێوەیە تەرخان بکرێت. ئەوەی کە لە خوارە دەیخوێننیتەوە، کورتکراوەیەکی نووسینەکەی ئالەکۆمە، کە بە شێوەیەکی ئازاد کردوومەتە کوردی و پەراوێزەکانم دانەناوەتەوە (ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە جێگایەکی زۆریان دەگرت).

شەریف پاشا لە ساڵی 1865 لە شاری کۆستەنتینۆپێل (ئەستەمبووڵ) لە دایک بووە. باوکی شەریف پاشا واتە سەعید پاشا (1834 – 1907)، چەندین ساڵ وەکو وەزیری دەرەوەو ڕاوێژکار لەژێر دەستی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم کاری کردووە. باب و باپیرانی سەعید پاشا سەر بە میرنشینی بەناوبانگی بابانن کە نێوەندەکەی سلێمانی بوو لە باشووری کوردستان. هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکانی بابان لە کۆتایی سەدەیی نۆزدەدا لە کۆستەنتینۆپێل ژیاون و نیشتەجێ بووبوون. ژمارەیەکیان بوونە کاربەدەستی گەورە لە دامودەسگاکانی دەوڵەتدا. شەریف پاشا لە بە ناوبانگترین خوێندنگای کۆستەنتینۆپێل، دواناوەندی گەلەتەسەرایی، خوێندوویەتی. پاشان درێژە بە خوێدنن دەدات لە ئاکادیمایی سەربازیی. شەریف پاشا لە ساڵی 1989 لەلایەن سوڵتانەوە دەکرێت بە سەفیری دەوڵەتی عوسمانی لە ستۆکهۆڵم پایتەختی سوێد و ماوەی دە ساڵ دەمێنێتەوە.

شەریف پاشا ،وەفادار نابێت بە عەبدولحەمیدی دووەم کە لە ماوەی 1876 تا 1908 حکومڕانی دەوڵەتی عوسمانی کرد. سوڵتان لە ڕێگای زەبروزەنگ و دانانی دەستگایەکی پۆلیسی سەرکووتکەرەوە حوکووم‌ڕانی ئیمپراتۆریەکەی دەکرد و پیاوێکی ترسناک بوو.

بەرهەڵستیکردن لە سنوورەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا ،کارێکی ئاسان نەبوو ،هەربۆیە زۆربەی ئەوانەی ڕەخنەیان لە دەوڵەت دەگرت لە تاروگە بوون ، زۆربەیان لە ئەوروپا دەژیان. لایەنە بەرهەڵستکارەکانی کە لە دەرەوە دەژیان ،چەندین ڕێکخراویان دامەزراند کە بە دژی دەستەڵاتی تاکڕەوی سوڵتان کەوتنە خەباتەوە.

گەورەترین ڕێکخراو ، کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی بوو ، کە لە ساڵی 1889 لە کۆستەنتینۆپێل دامەزرا. ژمارەیەکی زۆر لە لایەنگرانی ئەو کۆمەڵەیە لە پاریس، لەندەن، جنێڤ و بەرلینەوە کاریان دەکرد و خەباتێکی بەربلاویان بە دژی عەبدولحەمید دەست پێکرد و ژمارەیەک کۆڤار و ڕۆژنامە لە دەرەوەی وڵات بلاوکرانەوە. ئەم ڕێکخراوە لەلایەن ڕاگەیاندنی ئەوکاتەی فەرەنساوە ،بە تورکە گەنجەکان ناوزەد کرا ، ئەوەش دەستەواژەیەکی چەواشەکارانەبوو ، چونکو تورکە گەنجەکان تەنها لە تورک پێکنەهاتبوون بەڵکو خەڵکانی سەر بە گرووپی تریشیان لە نێودا بوو. دوو لە دامەزرێنەرانی بزوتنەوەکە کورد بوون ،عبدوللە جەودەت و ئیسهاک سوکوتی. یەکێکی دیکەیان ئیبراهیم تەمۆ بوو کە خەڵکی ئەلبانیا بوو.

لە سەرەتادا ،هەموو هێزەکان بە دژی دەستەڵاتی تاکڕەوی عەبدولحەمید یەکیان گرت. پێش شۆڕشی 1908 کاتێک شەریف پاشا لە ستۆکهۆڵم کاری دەکرد ، پشتیوانی خۆی بۆ بزوتنەوەی تورکە گەنجەکان دەربڕی. شەریف پاشا لە سیاسەتەکانی عەبدولحەمید ناڕازیی بوو. یەکێک لە ئەندامانی کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی ، ئەحمەد ڕەزا ، بە نهێنی سەردانی شەریف پاشای کرد لە ستۆکهۆڵم.

سکرتێرەکەی شەریف پاشا لە سەفارەتی دەوڵەتی عوسمانی لە ستۆکهۆڵم کە ناوی مورات بی (بەگ) بوو ، کۆشکی سوڵتانی لەسەر دانیشتنە نهێنییەکەی شەریف پاشا لەگەڵ ئیتحاد و تەرەقی ،ئاگادار کردەوە.


ئەو کابرایە لە بەڵگەکانی وەزارەتی دەرەوەی سوێد وەکو کەسێکی سەربەگۆبەند سەیری کراوە.

تێبینی: ئەم نووسینە لە یانزدە بەشدا ، هەفتانە لە ڕۆژنامەی (ئاسۆ) دا ، بلاودەکرێتەوە ، بە داخەوە بەهۆی هەندێک کێشەی نووسینەوە ، هەندێک هەڵەی چاپی تێدا کراوە کە هەوڵمداوە دوای ڕاستکردنەوەیان ، لە ماڵپەڕیی دەنگەکاندا بلاوی بکامەوە.

## شەریف پاشا، کێ بوو؟

**نووسینی: ڕۆهات ئالەکۆم    وەرگێرانی: کاوە ئەمین**

**بەشی دووەم**




Teckning: Albert Engström

دوای ئەوەی کە ئاشکرا بوو، شەریف پاشا، پەیوەندی لەگەڵ ئەو هێزانەدا هەبوو کە دژایەتی عەبدولحەمیدی دووەمیان دەکرد، ئیتر ئەو بووە کەسێکی ناخۆشەویست لەلای کۆشکی سوڵتان. ئەوە بوو لە کۆتایدا، شەریف پاشا، ناچارکرا دەست لەکار بکێشێتەوە.

لە ساڵی 1908 نامەی ئیستیقالەی پێشکەشکرد و وازی لە سەفیری هێنا لە ستۆکهۆڵم، پاشان چوو بۆ پاریس و لەوێ نیشتەجێ بوو. هەر هەمان ساڵ، عەبدولحەمید لەلایەن بەرهەڵستکارانەوە، وەلا نرا.

هەر کە تورکە گەنجەکان جێپێی خۆیان قایم کرد و دەستەڵاتیان کەوتە دەست، سیاسەتی خۆیان گۆڕیی و لە هەموو بەڵێنەکانی خۆیان پەشێمان بوونەوە، ئەمەش بۆ شەریف پشا قبوڵنەکرا، چونکە ئەو پێی وابوو کە ئەمانیش سیاسەتێکی خەتەری وەکو ئەوەی عەبدولحەمیدیان گرتۆتە بەر. لە سەرەتادا، شەریف پاشا دەیویست لە ئەستەمبووڵ دابنیشێ، ئەو کاتەی کە هەڵوێستێکی پۆزەتیڤی بەرانبەر سیاسەتی تورکە گەنجەکان هەبوو، بەڵام دوای شۆڕشی 1908، ناڕازیبوونی خۆی نیشان داو، گەڕایەوە پاریس. ئیتر بەو شێوەیە لە تاراوگە مایەوە لەگەڵ منداڵەکانیدا تا لە ساڵی 1951 لە ئیتاڵیا کۆچی دوایی کرد.

لە ماوەی ژیانی تاراوگەیدا، شەریف پاشا، لە پێشی پێشەوەی ئەو بەرهەڵستکارانەدا بوو کە لە ئەورووپا و لە نێو سنوورەکانی دەوڵەتی عوسمانییەوە، دژایەتی تورکە گەنجەکانیان دەکرد، بەو شێوەیە لەگەڵ هاوڕێکانی پێشووی (مەبەست تورکە گەنجەکانە) کەوتە ناکۆکییەوە.

شەریف پاشا، پارتێکی سیاسی بە ناوی پارتی ڕادیکاڵی ئۆتمان (ئۆسمان) دامەزراند و، ڕۆژنامەیەکی بە ناوی (مەشروتیتە) دەرکرد و تێیدا چەوساندنەوە و ئەو ئەشکەنجەیەیی کە تورکە گەنجەکان بەکاریان دەهێنا، ئاشکرا دەکرد. هەربۆیە تورکە گەنجەکان بڕیاریان دا، شەریف پاشا لە سەر ڕێگایی خۆیاندا نەهێڵن. سەرۆکی پۆلیسی ئەستەمبووڵ بە خۆیی و کۆمەڵێک پیاوکوژەوە چوو بۆ پاریس، بۆ جێبەجێ کردنی پیلانەکەیان. بڕیاریان دابوو کە لە ڕۆژی 14 یانیوەری 1914 دا، پلانەکەیان جێبەجێ بکەن.

پیاوکوژێک، خۆی دەگەیەنێتە ماڵی شەری پاشاو، بۆ ئەنجامدانی کارەکەی، لە ئەنجامدا خۆیی و یەکێک لە پیاوەکانی شەریف پاشا کوژران، بەڵام شەریف پاشا بە سەلامەتی ڕزگاریی بوو. ئەم کردەوەیە ئەوەی ئاشکراکرد کە کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی، سیاسەتێکی تۆقێنەرانەیان بە دژی بەرهەڵستکارانیان، پیادە دەکەن.

شەریف پاشا، لە غیابدا، دوو جار بە مردن حوکوم دەدەن و ژنەکەشی بە پێنج ساڵ دوورخستنەوە. تورکە گەنجەکان هەموو ڕێگایەکیان بۆ ئابڕوبردنی شەریف پاشا، تاقیکردەوە.

ڕاگەیاندنی تورکی کەوتنە زماندرێژی بە دژی شەریف پاشا و کۆمەڵێک وشە و دەستەواژەی نابەجێیان لە دژیی بەکارهێنا. سەرەڕای ئەو هەموو بەربەرەکانییە، شەریف پاشا، درێژەی بە خەباتی خۆی دا بۆ پەردە لەسەر هەڵماڵینی ڕووی دزێویی تورکە گەنجەکان. یەکێک لە کارەکانی ئاشکراکردنی ئەو تراژدیایانە بوو کە تورکەکان بە سەر گەلی ئەرمەنییاندا هێنا. ئەو کاتە شەریف پاشا لە مۆنتیکارلۆ دەژیا.

یەکەمین سەفیری فارس لە ستۆکهۆڵم (1897-1901)، میرزا ڕەزا خان کە لەگەل نووسەرێکی سوێدی بە ناوی ئێلسا لیند بێرگی-دۆڤیلتێ ئیزدیواجی کردبوو، لە سەردەمی ساڵانی شەڕدا لە مۆنتیکارلۆ دراوسێی شەریف پاشا بووە، وەکو دوو سەفیری بیانیش پێشتر لە ستۆکهۆڵم کاریان کردبوو. حەسەن عارف کە کوڕی سەفیری فارس بوو لە ستۆکهۆلم، لە بیرەوەریەکانیدا بە کورتی باسی شەریف پاشای کردووە، ئەو کاتەی کە لە مۆنتیکارلۆ بووە.

# شەریف پاشا کێ بوو؟

نووسینی: ڕۆهات ئالەکۆم    وەرگێڕانی: کاوە ئەمین

بەشی سێهەم



Cherif Pascha
(Hvar 8 dag, nr 36/1908)

لە کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەمدا، دەوڵەتی عوسمانی هەرەسی هێنا، ئەوە بوو لە کۆنفرانسی پاریسدا، دەستکرا بە گفتوگۆکردن لەسەر چارەنووسی داهاتووی ئەو دەوڵەتە. شەریف پاشا وەکو نوێنەری کورد لەلایەن (جەمعیەتی تەعالی کوردستان) وە کە نێوەندەکەی لە کۆستەنتینپۆڵ بوو، دیاری کرا. وەکو نوێنەری کوردەکان، پارێزگاری لە مافە نەتەوەییەکانی کورد کرد لە گفتوگۆکانی سێڤرس لە نزیک پاریس لە ساڵی 1919. شەریف پاشا لە دیکۆمێنتێکدا، داخوازییەکانی کوردی کۆکردەوە و لەگەڵ نەخشەیەکی کوردستان کە سنوورەکانی تێدا دیاریکرابوو، گەیاندییە کەسایەتی و دەزگا دەوڵەتییە جۆراوجۆرەکان. لە ڕۆژ 22 مارسی 1919 دا، ئەو دیکۆمێنتە مێژووییە لەلایەن شەریف پاشاوە لە چوارده لاپەڕەدا بڵاوکرایەوە. وەکو سەرۆکی وەفتی کوردی، شەریف پاشا، لە کۆنفرانسەکەدا لە چەندین گفتوگۆ و دانیشتندا بەشداری کرد کە پەیوەندیان بە مافەکانی کوردەوە هەبوو، هەم بە نوسین هەم لە ڕێگای ئاخافتنەکانییەوە هەڵوێستی خۆی ئاشکرا کرد. هەندێک لە وتارەکان و گفتوگۆکانی، لە ڕۆژنامە فەرەنسییەکاندا بڵاوکرانەوە.

دوای چەندین دانیشتن و گفتوگۆ، پەیمانی ئاشتی مێژووی سێڤرس لە 10 ئاوگوستی 1920، ئیمزاکرا. لە خاڵەکانی 62-64 ی پەیمانەکەدا، بۆ یەکەمین جار لە دیکۆمێنتێکی نێونەتەوەیدا، ددان نرا بە ئۆتۆنۆمیەکی سنووردار و مافە نەتەوەییەکانی کورد دا. لە خاڵی 64 دا، ئیمکانی ئەوە بۆ کوردەکان دەستەبەرکراوە کە دەوڵەتێکی سەربەخۆی خۆیان جودا لە تورکیا دامەزرێنن، ئەگەر یەکیەتی نەتەوەکان پێی وابێت کە کوردەکان توانای بەرێوە بردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆیان هەبێت.

دیکۆمێنتی کۆتایی ئەو پەیمانە کە تێیدا ددان بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردا نراوە، لەلایەن تورکیا و سەرۆکە نوێیەکەیەوە (مستەفا کەمال ئەتاتورک)ەوە ڕەتکرایەوە. تێکۆشانی شەریف پاشا لەسەر مەسەلەی کورد بووە هۆی بەرپاکردنی نارەزایەتیەکی بەهێز لە تورکیا بە دژی شەریف پاشا و، بە خائینی گەل و وڵات تاوانباریان دەکرد. لە شارە جیاوازەکانی کوردستانەوە، تەلەگرافی نارەزایەتی بۆ هەموو

دامودەزگاکان لە کۆستەنیێپول نێردرا، لەوانەش بۆ کۆنسولی سوێدی، بە دژی ڕێکەوتنی نێوان کورد و ئەرمەنیەکان. هیچ کەسێک بە تەواوەتی نازانێت کە ئاخۆ کێ ئەو تەلەگرافانەی ڕەوانەکردووە، تەلەگرافنێرەکان کەسانێکی گومناو بوون. ڕاگەیاندنی تورکی بە شێوەیەکی توند ناڕەزایەتیان بە دژی شەریف پاشا دەربڕی. شەریف پاشا هەم لە کوردستان و هەمیش لە تورکیا وەکو کەسێک کە مافەکانی کوردی دەپاراست، ناسرا. بەڵام کاتێک مافەکانی گەلی کورد لەلایەن تورکیاوە ڕەتکرایەوە، زلهێزەکانیش هەڵوێستی خۆیان گوڕیی لە مەڕ کێشەی کوردەکان بەهۆی بەرژەوەندیەکانی خۆیان لە ناوچەکەدا. جارێکی تریش کوردەکان بە چارەنووسی خۆیان سپێردران.


کێشەی بەردەوامی نێوان کوردەکانی کۆستەنتیبپۆل، بارودۆخەکەی هێندەی دیکە زەحمەتتر کرد بۆ شەریف پاشا، کە نوێنەرایەتی دەکردن و کێشەکەی لە پاریس خستبووە بەر باس. بە گوێرەی هەندێک سەرچاوە، شەریف پاشا چووە بۆ میسر و لەوێ نیشتەجێ بووە. هیچ بەڵگەیەکی بڕواپێکرا نیە بۆ سەلماندنی ئەم بانگاشەیە. زۆربەی ئەو سەرچاوانەی کەمن تاوتوێم کردوون، ئەوە نیشان دەدەن کە ئەو لە ئیتاڵیا مردووە.

هەروەها هەوڵم دا، لەڕێگای سەفارەتی سوێد لە قاهیرە، زانیاری لەسەرساڵەکانی کۆتایی ژیانی شەریف پاشا بەدەست بخەم. بەڵام لەو نامەیەی کە (مۆری 25 فێبروەری 1995ی پێوەیە) لەلایەن ڕاوێژکاری سەفارەتی سوێدوە (هانس ئۆلسون)وە بەدەستم گەیشتووە، ئەوەمان نیشان دەدات کە سەرەڕای ئەو هەوڵە زۆرەی داویانە، ئەو زانیاریانەی کەمن بەدوایاندا دەگەڕام، نەتوانراوە بەدەست بخرێن. گفتوگۆ لەسەر ڕۆژی کۆچی دوایی شەریف پاشا، تا ماوەیەکی زۆر لە کتێبە مێژوویەکاندا، درێژەیان کێشاوە. هەتا ئێستاش هەر لەسەر ئەوە سوورن کە شەریف پاشا لە ساڵی 1944 لە قاهیرە، کۆچی دوایی کردووە، هەروەها من خۆیشم لەو کتێبەی کە لەسەر شەریف پاشا نووسیومەو لە ساڵی 1995 لە ستۆکهۆڵم بڵاوکراوەتەوە، هەر ئەو ساڵەم وەکو ساڵی مردنی شەریف پاشا نووسیوەتەوە. بەڵام دوای بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبەش، من بەردەوام بووم لە لێکۆڵینەوە لەسەر ڕۆژی مردنی شەریف پاشا. ئەو بەڵگانەی کەمن بەدەستم خستوون ئەوەمان نیشان دەدەن کە شەریف پاشا لە ساڵی 1951، واتە حەوت ساڵ دوای ئەو تەئریخەی کە باسی لێوە کراوە، کۆچی دوایی کردووە.

# شەریف پاشا کێ بوو؟

**نووسینی: ڕۆهات ئالەکۆم    وەرگێڕانی: کاوە ئەمین**

**بەشی چوارەم**



*Cherif Pascha på Operakällaren år 1900.*
*Teckning av Albert Engström i Strix nr. 5/1900.*

لە ڕێگای پەیوەندی لەگەڵ یەکێک لە نەوەکانی ( شەریف پاشا) وە، ئەو فاکتەرە نوێیانەم بەدەست کەوت. شەریف پاشا، بۆ جاری دووەم ئیزدیواجی کردووە و نەوەکانی لە ژنی دووەمی لە ئیتاڵیا لە مۆناکۆ دەژین. دوای نامە گۆڕینەوە لەگەڵ یەکێک لە نەوەکانی شەریف پاشا، بەناوی ئەنتۆنیتا کەریمێ کە لە مۆناکۆ دەژی، کۆمەڵێک وێنە و زانیاری بیبلۆگرافی لەسەر کۆتایی ژیانی شەریف پاشا بۆ ڕەوانە کردم. بەگوێرەی ئەو زانیاریە نوێیانە، شەریف پاشا، ساڵانی کۆتایی ژیانی خۆی لە ئیتاڵیا بەسەر بردووە.

سەرەتا لە ڕۆم ژیاوە و پاشان گواستویەتیەوە بۆ کاتانزارۆ و لەوێ ئەخیر ساڵی ژیانی خۆی بەسەر بردووە (1949-1951). ساڵی 1921، شەریف پاشا، لەگەڵ خانمێکی فەرەنسی بە ناوی (ملله ئدوینگ پارانی 1900-1978)، کە پێشتر بۆ ئێمە نەناسراو بوو، ئیزدیواجی کردووە. ساڵێک دوای ئەوە منداڵێکیان دەبێت ناوی دەنێن مەلەک (1922-1972)، پاشان ئەویش دوو کچ و کوڕێکی دەبێت بە ناوەکانی ئانتۆنیتا کەریمێ، پاتریسیا سێئدا و ئومپێرتۆ. واتە نەوەکانی شەریف پاشا، تا ئێستاش لە ئیتاڵیا دەژین. شەریف پاشا لە 22 دیسامبری 1951 دا کۆچی دوای کردووە و لەسەر وەسێتی خۆی لە میسر لەگەڵ ژنی یەکەمی، شازادە ئێمینە، دەینێژن. بەگوێرەی زانیاریەکان ئێمینە لە ساڵی 1926 دا مردووە.

شەریف پاشا لە بنەڕەتدا کەسێکی عەسکەریی بووە، بەڵام ئاخفتنەکانی لە کاتی خواحافیزی کردنی لە سوێد،لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەومان بۆ دەردەخات کە ئەو: میلیتار، دیبلۆمات، نووسەر، ڕۆژنامەنووس، سیاسی و کوردناس بووە. ئەو کەسێک بووە کە بڕوای بە خۆی هەبووە و دەوڵەمەند بووە. ئەمەش بووەتە هۆ ئەوەی کە لە نێو نێوەندە سیاسیەکاندا، ناوبانگی زیاتر بەرزببێتەوە. بەڵام ئەو پێش هەرشتێک کەسێکی تێکۆشەر بووە.

شەریف پاشا زۆر بە باپیرەی ژنەکەی واتە محەمەد عەلی پاشا، موعجیب بووە. محەمەد عەلی پاشا "گوستاڤ ڤاسای میسر بووە" (گوستاڤ ڤاسا پاشایەکی بەناوبانگی سوێد بووە- وەرگێڕ). هەمیشە شەریف پاشا، پەسندی ئەوی داوە و وەکو سەرکردەیەکی شەڕەنگێز و قارەمانێک وەسفی کردووە کە: هەموو ئەوروپا لە ژێر پێیدا لەرزیووە.

**ساڵی 1898 - هاتنی شەریف پاشا بۆ ستۆکهۆڵم**

شەریف پاشا لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمەوە لە 14 مارسی 1898 دا کرا بە سەفیری دەوڵەتی عوسمانی، بەڵام چەند مانگێکی خایاند تا شەریف پاشا هات بۆ ستۆکهۆڵم. نێردراوی سیاسی سوێد لە

کۆستەنتیپۆڵ پێش وەخت ستۆکهۆڵمی لە ڕاپۆرتێکدا ئاگادرا کردبووەوە لەسەر شەریف پاشا و پەیوەندیی بنەماڵەیی:

"لە پێشدا دەبێت ئەوەتان پێبڵێم کە شەریف پاشا، کوڕی سەعید پاشا وەزیری دەرەوەی پێشوو کە ئێستا سەرۆکی ڕاوێژکاری دەوڵەتە. شەریف پاشا پەروەردەی ئەفسەری لە خوێندنگای شەڕ لە س.ت جیر، بینیوە، دوای ئەوەش لە کۆشک وەکو ئەدجوتانت دامەزراوە. هەتا ئێستا شەریف پاشا وەکو دیبلۆمات کاری نەکردووە، ئەگەر ئەو دوو ساڵەی لێدەربکەم کە لە پاریس و برۆکسل وەکو ئەفسەری سەربازی کاری کردووە. ئەو کەسێکی پەروەردەکراوی ئەوروپاییە و جوانپۆش و خۆڕێکخەرە".

سەفیری دەوڵەتی عوسمانی، شەریف پاشا، نزیکەی سەد ساڵ پێش ئێستا ( ئەم نووسینە ساڵی 1995 نووسراوە- وەرگێڕ) لە ڕۆژی شەممەی 9 جولی 1898، گەیشتە سوێد. ئەو دوو سکرتێری بە ناوەکانی سالح بەی و موختار بەی لەگەڵدا بوو. ژنەکەی شەریف پاشا،شازادە ئێمینە بە هۆی نەخۆشییەوە نەیواتنی هەمانکات لەگەڵ شەریفا پاشا دا بێت بۆ سوێد، بۆیە لە کۆستەنتنیپۆڵ مایەوە. پاشان لەگەڵ منداڵەکانی دەگەنە لای شەریف پاشا. لە کاتی گەیشتنی شەریف پاشا بۆ ستۆکهۆڵم لەلایەن کۆنسولی ئەوکاتەی عوسمانیەکان سیمۆن ساچس (1907-1939) لە (سەنترال بانگۆڕدن) پێشوازی لێدەکرێت. شەریف پاشا و هاورێکانی لە (گراند هۆتێل) دادەبەزن و حەوت ژوو لە قاتی یەکەمی ئەو هۆتێلە بەکرێ دەگرێت. ڕۆژی دوای، یەکشەمەی دەی جولی، شەریف پاشا لەگەڵ سیمۆن ساچسدا، پیاسەیەک بە نێو ستۆکهۆڵمدا دەکەن و، یەکێک لە شارە جوانەکانی جیهان و ئەو شوێنانەی کە شایستەی بینین بوون، نیشان میوانەکانی دەدات.

# شەریف پاشا کێ بوو؟

نووسینی: ڕۆهات ئالەکۆم    وەرگێڕانی: کاوە ئەمین

بەشی شەشەم

شەریف پاشا، هاوڕێیەکی نزیکی پاشای سوێد بوو. ئەو لەگەڵ ئۆسکاری دووەم پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ یەک هەبوو. شەریف پاشا کە ڕاوچییەکی بە توانا بوو، ئەندامی کلوبی ڕاوشکاری پاشا بوو، لەگەڵ ئۆسکاری دووەم و چەند دیبلۆماتێکی تردا، لە ساڵی 1899 دا، سەفەرێکیان کرد بۆ هێسلەهۆڵم بۆ ڕاوکردن.

چەند جارێک لە ماوەی مانەوەی لە ستۆکهۆڵم، مەدالیای ڕەسمی پێ بەخشراوە. لە سەرەتادا لە 12 سێبتێمبری 1899 دا لە سکۆنە (ناوچەیەکە لە وڵاتی سوێد- وەرگێڕ) لە کاتی مەشقی سەربازیدا، شمشێرێکی کرا بە قەدا و، پێش ئەوەی سوێدیش بە جێ بهێڵێ لە 5 ئاوگوستی 1908 دا، نیشانەی ئەستێرەی باکووری پێدرا.

لەو ماوەیەی کە شەریف پاشا لەستۆکهۆڵم ژیاوە، چەندین کەس بوونەتە برادەریی و ئاشنایەتی لەگەڵ پەیدا کردوون، لە ناویاندا کاریکاتێر دروستکەر و نووسەری بە ناوبانگی سوێدی، ئالبێرت ئێنگستڕۆم.

ئالبێرت سێ کاریکاتۆری لەسەر شەریف پاشا کێشاوە، لە یەکێک لەوانەدا، شەریف پاشا لە بارێکدا دەبینرێت کە پەرداخێک ( ڤیچی- ڤاتین – خواردنەوەیەکە) بە دەستەوەیە، لە پشتییەوە چەند پیاوێکی سوێدی دەبینرێن. هەر لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم کاریکاتۆرەدا، وتارێکی کورتی دۆستانەی نووسیوە. ئەو لەو وتارەدا باسی حەرەمسەرای عوسمانییەکان و هەڵوێستی شەرەیف پاشا لەم ڕووەوە دەکات. لەو وتارەدا هاتووە، شەریف پاشا لە ئۆپێراشێلان دانیشتووە و گوێی بۆ چەند کەسێک ڕاگرتووە کە باسی ژیانی حەرەمسەرا لە تورکیا دەکەن. ئەم مێژووە پاشان لە گفتوگۆیەکی تەلەفونیدا دەگێڕدرێتەوە: بەڵێ، من لە ئۆپێراشێلان دانیشتووم و گۆشتی مەڕم لەبەر دەمدایە و لە مێزەکەی تەنیشتمەوە شەریف پاشا دانیشتووە. یەکێک لە خزمەتکارەکان لێم دێتە پێشەوە و دەڵێت: ئەرێ ئەوە ڕاستە کە لە تورکیا بۆیان هەیە چەند ژنیان هەبێت؟ ئەی چۆن، کوڕی لاو، ئەوان دەبێت هەژدە ژنیان هەبێت. باشە، تۆ پێت وایە کە ئەو پیاوە (ئیشارەت بۆ شەریف پاشا دەکات) کە هەژدە ژنی هەبێت؟ بەدڵنیاییەوە، کوڕە لاو. کەمێکی تر لەو عارەقە ئەسڵییەت بۆ تێکەمەوە. بە سوپاسەوە، تەنها نیوەی.


ئەرێ باشە ئەوان ناچاری ئەوەن کە حەرەمسەرا، یان ئەوە چی پێدەڵێن، هەبێت؟ ئەی ئەگەر ئەوە نەبێت؟ دەنا ئەوان هیچ پایەیەکیان نابێت، سەیری ئەو هەموو مەدالیایەکە بە یەخەیەوە (مەبەست شەریف پاشایە). بە گوێرەی ئەو وتارە شەریف پاشا. تەلەگرامێک دەنێرێت بۆ سوڵتان تا باسی ئەوزاعی سوێدی بۆ بکات. گومانەکانم بێبناغە نەبوون، کاپتێن کویلینسێرنە، وشەی حەرەمی هێناوەتە نێو زمانی سوێدییەوە و خوایە گیان توشی چ بەڵایەک هاتووین.

ئالیکسیز کویلینسێرنە، گەڕۆکێکی بەناوبانگی سوێدی بوو کە گەلێگ جار سەفەری کردووە بۆ ڕۆژهەڵات و لەو نێوەشدا بۆ کوردستان. لە ژێر نازناوی مستەفادا گەلێک نووسینی لەسەر سەفەرەکانی بڵاوکردۆتەوە. بە قسەی شەریف پاشا، ئەوە ئالیکسیز بووە کە بووتە هۆ بڵاوکردنەوەی دەنگوباسی ژیانی حەرەم لە تورکیا. ئالبێرت ئێنگستڕۆم کە لەسەر ژیانی حەرەمی نووسیوە، پێی وابووە کە پەیوەندی هەردوو وڵاتی "بەناوبانگ" بەهۆ ئەو بانگاشانەی کە لەسەر حەرەم کراون، بەرەو خراپی چووە.

کاریکاتێرەکەی تر لەسەر شەریف پاش لە گۆڤاری ستریکسدا بڵاوکراوەتە. لەو وێنەکدا شەریف پاشا دەبینرێت کە تەربوشێکی لەسەردایە و بە خۆیی و سمێڵە درێژەکانیەوە کە تا بن گوێچکەی درێژبوونەتەوە.

من وێنەی کاریکاتێری سێهەمم نەبینیوە، بەڵام لە کەتەلۆگێکدا نووسراوە کە ئێنگسترۆم، کاریکاتێرێکی دروستکردوە لەژێر ناونیشانی " ستۆکهۆڵمییە بە ناوبانگەکان"، کە لە نێو ئەو کەسە ناسراوانەدا،بێجگە لە ئێنگسترۆم خۆی، شەریف پاشا، یوهان نۆردلینگ، یوسف ساچس، هێلمار برانتینگ، هۆگۆ ڤالینگتین ... هتد هەن. بە گوێرەی زانیاریەکانی نێو ئەو کەتەلۆگە، خاوەنی ئەو وێنەیە، دوکتۆر کارل فیلپسۆنە.

## بەشی حەوتەم



ئەو کاریکاتۆرەی کە لەساڵی 1900 دا، دروست کراوە، بە ڕوونی ئەوەمان نیشان دەدات کە شەریف پاشا تەنها دۆستایەتی و هاورێیەکی نزیکی پاشای سوێد نەبووە، بەڵکە لەگەڵ زۆر لە کەسایەتییە دێپلۆماسییەکانیشدا پەیوەندی هەبووە. ئەو لەگەڵ خەڵکانی دیکەی ناو کۆمەڵگایشدا هەڵسووکەوتی بووە: سیاسی، وێنەکێش، ڕۆژنامەنووس، مێژوونوس و نووسەران. ئەو کاریکاتێرە ئەوە نیشان دەدات کە شەریف پاشا پەیوەندی لەگەڵ نوخبەیی ڕووناکبیرانی سوێدیدا هەبووە.
یەکێک لەو کەسە "ناسراوە ستۆکهۆڵم"یانەی کە لە کاریکاتێرەکەدا دەبینرێت (هێلمار برانتینگ)ە (1860-1925).
ئەو یەکێک بووە لە پێشڕەوانی بزووتنەوەی کرێکاری و بناخەدانەری سۆسیالدیموکراتەکان. پاشان لە ساڵی 1920 تا کاتی مردنەکەی 1925، سەرۆک وەزیرانی سوێد بووە. هەروەها خەڵاتی ئاشتیی نۆبێلی لە ساڵی 1921 دا وەرگرتووە.
هەروەها ئانا برانتینگ ( 1855- 1950)، کە ڕۆژنامەنووس و نووسەر بووەو بە ناوی خواستراوی (ڕێنێ)وە نووسیوەیەتی، لەوانە بووە کە شەریف پاشا ئاشنایەتی لەگەڵی هەبووە. ئانا ژنی هێڵمار برانتینگ بووە.
نووسەرێکی دیکە هانس زێترسترۆم (1877-1946) بووە. ئەو هەروەکو ئالبێرت ئێنگسترۆم بە وەسفە کورت و هەست بزوێنەکانی بەناوبانگ بووە. هەروەها لە ناو (ستۆکهۆڵم)ییە ناسراوەکاندا ژنە نووسەر ئێلین کێی (1849-1926) هەبووە کە بەرهەمی وەکو (سوئیستفادەکردن لە هێزی ژن و منداڵانی سەدە)ی نووسیوە.
(هەروەها ژمارەیەکی زۆری دیکەی کەسایەتی سوێدی کە زۆرەبەیان نەقاش و هونەرمەند بوو لە ناو ئەوانەدا بوون کە شەریف پاشا ناسیونی، من بە پێویستم نەزانی ناوی هەموویان بنووسمەوە- وەرگێڕ).
لە سەرەتای سەدەی بیستەم (1900)دا، هاسالباکن لە یورگۆردین (ناوی شوێنێکە) کە بە هۆی باڕ و ڕێستورانەکەی کە سەمای تێدا دەکرا، یەکێک بووە لە بەناوبانگترین شوێنی حەسانەوە بۆ خەڵکانی بەرجەستە، لە ستۆکهۆڵم. لەوێدا خەڵکانی مەعروفی وەک دێپلۆمات، خەڵکانی سەر بە کۆشک، ئەفسەران، سیاسی،

هونەرمەند و نەقاش، کۆ دەبوونەوە، شەریف پاشایش لە ژینگەیەکی وادا مورتاح بوو. ئەو یەکێک بوو لەوانەی کە زۆر جار، سەردانی ئەو شوێنەی دەکرد.

شەریف پاشا لە کاتی ئازادی خۆیدا، زۆرتر خەریکی خوێندنەوە بووە. کتێبخانەیەکی گەورە و بەربلاوی هەبووە. ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە سەردانیان کردووە، باسی ئەوەیان کردووە کە دیواری ژووری کار کردنەکەی هەمووی بە کتێب داپۆشرا بوو.

شەریف پاشا و شازادە ئێمینە، حەزییان لە وەرزش کردن بووە. پێش ئەوەی شەریف پاشا بگوێزێتەوە بۆ پاریس، سەفەرێکی بۆ کارلسباد (شوێنێکە بۆ مەلەکردن) لە چیک، کردووە و ماوەیەک لەوێ ماوەتەوە. کارلسباد (کارلۆڤی ڤاری) چەند کیلۆمەترێک لە پراگ (پایتەختی چیک)ی ئێستاوە دوورە.

ئاوە، سازگار و تەندروستەکەی ئەو شوێنە، بووبووە هۆی ئەوەی کە خەڵکانی بەناوبانگ لە سەرەتایی سەدەی بیستەمدا، لێی کۆببنەوە.

دوکتۆرە سوێدییەکەی شەریف پاشا، ئامۆژگاریی ئەوەی کردووە کە خۆی لە شوێنی تەپوتۆزاوی بپارێزێت. حەزو ئارەزووی شازادە ئێمینە لە کاتی مانەوەیان لە سوێد باسیی لێوە کراوە.

مامۆستا سوێدییەکەی باسی ئەو دەکات کە چۆن شازادە سەردانی پارکی وەرزشی کردووە و خۆی نیشان داوە.

## شەریف پاشا، کێ بوو؟

**نووسینی: ڕۆهات ئالەکۆم   وەرگێڕانی: کاوە ئەمین**

**بەشی هەشتەم**

لە دەوروبەری سەدەی بیستەمدا، سوێدییەک کە ناوی گوستاڤ نۆرینگ بوو و عەلی نوریشیان پێ دەوێت، دەژیا، کە بۆ ڕووخاندنی سوڵتان عەبدولحەمیدیی دووەم کاری دەکرد. ئەو کتێبی دەنووسیی و وتاری بڵاودەکردەوە و، لە زۆر وڵات کۆبوونەوەی دەکرد، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی.

کتێبەکەی بە ناوی (عەبدولحەمید بە کاریکاتۆر) لە ساڵی 1903 دا لە ستۆکهۆڵم چاپ و بڵاوکرایەوە. ئەو کتێبە چەندین تێکست و کاریکاتۆری لەخۆ گرتبوو، کە ڕەخنەیان لە عەبدولحەمید و سیاسەتەکەیی دەگرت. هەروەها شیعری ساتیریشیی لەخۆ گرتبوو. لە یەکێک لە شیعرەکاندا عەبدولحەمید دەیەوێت هەڵبێت و ببێتە میوانی شەریف پاشا و شازادە ئێمینە لە ستۆکهۆڵم، بە قسەی گوستاڤ نورینگ لە حەقیقەتدا هیچ ڕێگایەک نەبووە کە عەبدولحەمید لێوەی ڕابکات، بەڵام ئەوەی گومانی تێدا نەبوو ئەوەبوو کە سوڵتان دەتوانێت گۆرانی خەمناگ بچڕێت. (ناوەڕۆکی شیعرە ساتیرییەکە تەقریبەن بەم شێوەیەیە: سوڵتان دەڵێت، ئاخ ئەگەر بۆ ساتێکیش بوایە لە خاکە ئاگراوییەکەی یەڵدزوە بڕۆشتمایە بۆ لای شەریف بۆ ئەو وڵاتی بەفرسانەی باکوور و ببومایەتە میوانی ئێمینە و خۆم لە بیربچوایەتەوە کە سوڵتانم و ...)

ئەوەی کە ئاخۆ شەریف پاشا و گوستاڤ نۆرینگ بە شەخسیی یەکترییان ناسیوە یان نا، زانیاریەکی وامان لەبەر دەستدا نییە. بەڵام وەکو دەبینین کە گوستاڤ نورینگ زۆر بە چاکی زانیویەتی شەریف پاشا کێیە. بەڵام هەرچی شەریف پاشایە، لە هیچ کام لە نووسینەکانیدا ناوی نورینگی نەهێناوە. دەبێت شەریف پاشا زانیبێتی، گوستاڤ نۆرینگ کێیە، کە لە نێوەندی ستۆکهۆڵمەوە دژایەتی عەبدولحەمیدی کردووە، لە کاتێکدا کە شەریف پاشا لەو کاتەدا بۆخۆی لەوێ ژیاوە.

بابزانین گوستاڤ نۆرینگ کە بە عەلی نوریش ناوبراوە کێ بووە؟

لە ساڵی 1861 لە شاری مالمۆی سوێد لە دایک بووە. ئەو لە ساڵی 1884 دا دەچێتە سەر ئاینی ئیسلام و ناوی عەلی نوری لە خۆی دەنێت. ئەو چەند ساڵێک لە وەزارەتی دەرەوەی عوسمانییەکاندا کاری کردووە.

گوستاڤ نورینگ لەگەڵ عەبدولحەمیدی دووەم دەبێتە کێشەیان و لە ئەوروپاوە دەست دەکات بە دژایەتی سوڵتان. ئەوە بوو لە کۆتایدا لەلایەن داداگای کۆستەنتنیپۆلەوە بە 101 ساڵ زیندانی بە غیاب حوکووم دەدرێت. دوای شۆڕشی 1908، دەگەڕێتەوە بۆ تورکیا و لەوێ دەمێنێتەوە تا لە ساڵی 1937، لە ئەستەنبوڵ دەمرێت.

شەریف پاشا و گوستاڤ نۆرینگ چەند شتێکی هاوبەشیان هەبووە، هەردووکیان ژنەکانیان شازادەو خەڵی ئەفریقا بوون. هەردووکیان لەگەڵ دەستەڵاتدارانی ئیمپراتۆری عوسمانیدا، کەوتوونەتە کێشەوە. لە ڕێگای نووسینی کتێب و گۆڤار و بڵاوکردنەوەی وتار لە ڕۆژنامەکاندا، خەباتێکی ئاشتیخوازانەیان بە دژی عوسمانییەکان دەست پێکردووە. هەردووکیان لەلایەن دادگای ئەستەنبوڵەوە، سزای سەختیان بۆ بڕدراوەتەوە. شتی جیاوازی نێوان ئەو دوو کەسەیش ئەوەبووە کە گوستاڤ نۆرینگ لە کۆتایدا گەڕایەوە بۆ ئەستەنبوڵ، بەڵام شەریف پاشا ناچاربوو کە هەموو ژیانی خۆی لە وڵاتانی جۆرواجۆری ئەوروپا بەسەر بەرێت . وەک وتمان گوستاڤ نۆرینگ لەگەڵ شازادەیەکی ئەفریقایی ئیزدیواجی کردبوو و سێ منداڵی لێی هەبوو. بە قسەی گونار یارینگ کە لە نزیکەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر ژیانی گوستاڤ کردووە، ئەو لەگەڵ شازادەیەکی تونسیی ئیزدیواجی کردووە نەک تورکی کە هەندێک لە ڕۆژنامەکان بانگاشەیان بۆ کردووە. ئەو کچی ئەمیری تونس مەحمود پاشا بەیانات بووە. بە گوێرەی ڕۆژنامەکان، ژنەکەی گوستاڤ، حەیرییە خانم لە ساڵی 1903 دا لە ستۆکهۆڵم لەسەر ژنانی عوسمانی کۆبوونەوەیەکی ڕێکخستووە.

کاتێک سەیری بەسەرهاتی ژیانی گوستاڤ نۆرینگ لەو ماوەیەی کە لە پاریس ماوەتەوە بکەین، من دەگەمە ئەو بڕوایەی کە شەریف پاشا بە گوستاڤ نۆرینگی "ڤیکینگ" سەرسام بووبێت و کردبێتییە

نمونەیەک بۆ خۆی لە خەبات کردنیدا. بە ئیحتیمالێکی زۆر ئەو کەوتبێتە ژێر کاریگەری گوستاڤەوە وەکو "شۆڕشگێرێکی بە تەنیا" کە بەدژی سوڵتان و تورکە گەنجەکان خەباتی کردووە.

بە چاوخشاندنێک بەو شقارتانەی کە لە سوێد هەڵگیراون، دەبینین کە لە چەند دانەیەکیاندا وێنەی عەبدولحەمیدیان لەسەر کێشراوە. ئەو شقارتانە لە کارخانەی ئودڤالا لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، دروستکراون، واتە ئەو کاتەی کە شەریف پاشا لە ستۆکهۆڵم بووە. بەشێک لەو وێنانەی ئەو شقارتانە لە کتێبەکەیدا دەبینرێن. ئەوەش نیشانەیەکە بۆ پەیوەندی نێوان ئیمراتۆرییەتی عوسمانی و سوێد.

# شەریف پاشا، کێ بوو؟

**نووسینی: ڕۆهات ئالەکۆم    وەرگێڕانی: کاوە ئەمین**

**بەشی نۆیەم**



**تابلۆیەکی شاردراوەی لە بیرکراویی مێژوو**

هەروەک پێشتر باسمان کرد، شەریف پاشا سەرسام بوو بە ئۆسکاریی دووەم، هەم وەک پاشایەک و هەمیش وەک مرۆڤێک. ئەو پەسندیی کارەکانی ئۆسکاری دەدا کە بۆ وڵاتەکەی کردبووی، هەروەها لەگەڵ ئەو پەیوەندییە گەرم و گوڕەی کە لەگەڵ گەلەکەیدا هەیبوو. ئەوان جگە لەوەی کە هاوڕێ بوون، چەند تایبەتمەندییەکی هاوبەشیشیان هەبوو.

بە گوێرەی ڕۆژنامەکان شەریف پاشا لەگەڵ ئۆسکاری دووەم بەشداری ئەو مەشقە سەربازییانەی کە لە ساڵی 1899 لە سکۆنە (ناوچەیکە لە سوێد) کردبوو، ئەوەش بووە هۆی سەرنج ڕاکێشانی میوانانی بەشدار بوو.

چەند کەسێک کە سەردانی ماڵی شەریف پاشایان کردووە لە شەقامی لینێ (ستۆکهۆڵم) لە ساڵی 1908 دا، باسی ئەوەیان کردووە کە تابلۆیەکیان بینیوە کە لەلایەن هونەرمەندی نەقاش (ئاکسل یوگسدێت)وە کێشراوە و، شەریف پاشا نیشان دەدات. لە تابلۆکەدا شەریف پاشا و ئۆسکاری دووەم بەیەکەوە دەبینرێن لە کاتی مانۆرێک لە سکۆنە لە ساڵی 1899 دا.

یەکێک لەوانەی کە ئەو زانیارییانەی لە پاش خۆی بەجێهێشتووە، ڕۆژنامەنووسێکی ڕۆژنامەی (داگینسنیهێتەر)ە کە گفتوگۆیەکی لەگەڵ شەریف پاشا لە ساڵی 1908 دا، پێش ئەوەی سوێد بەجێبهێڵێ سازکردووە. هەروەها ئەفسەرێکی سوێدی بە ناوی دەبلیو ئوناندەر، کە بۆخۆی لە کاتی مەشقە سەربازییەکەدا بەشداری کردووە، لە بیرەوەرییەکانیدا باسی ئەو تابلۆیەیی کردووە:" ... لە نێو ئەو بیانییانەی کە لەگەڵ پاشا ئۆسکاریی دووەمدا بەشداری نمایشە سەربازییەکە بوو لە هێلسەهۆڵم، لە هەموان زیاتر ژەنراڵی تورک کە چەندین مەدالیایی ئاڵتونی بە خۆیەوە کردبوو، سەرنجی ڕاکێشام. ئەمەش لە پاشاندا بووە هۆی ئەوەی کە نەقاش یونگستیدت تابلۆیەکی زەیتی ئەو مانۆڤەرە بکێشێت کە لە سکۆنە

کرا کە ساڵۆنە وەزارییەکەی ستۆکهۆڵمی پێ ڕازاندرابووەوە. ئەمەش وەکو موعجیب بوونێک بۆ سوپای ئێمە، کە چەند ساڵێک دوای ئەوە کاریەگەریەکەی بەدیار کەوت، لەلایەن ئەو ئەفسەرە سوێدیانەی کە لە سوپای تورکیدا کاریان کردووە".
من وەک لێکۆڵەرەوەیەک ئەو زانیارییە کەمە، وای لێکردم کە بە دوای مێژووی ئەو تابلۆیە بکەوم. دەبێت ئەو تابلۆیە دوای ئەو هەموو دەیەیە کەوتبێتە کوێوە؟ وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارە هێندە سانا نەبوو، چونکە پێدەچوو کە ئەو تابلۆیە شاردرابێتەوە و لە بیر مێژوو چوبێتەوە. جگە لەو زانیارییە کەمەی کە لەسەرەوە باسم کرد هیچ جێپێیەکی ئەو تابلۆ مێژووییەم نەدۆزییەوە. سەردانی چەندین مۆزەخانەی جۆراوجۆر و ئارکیڤ و کتێبخانەم کرد تا بەڵکو بۆم ڕوونبێتەوە کە ئەو تابلۆ مێژوویە لە کوێیە و ئایا ئیمکانی ئەوە هەیە کە خۆم بتوانم بیبینم یانیش وێنەیەکی هەڵگیراوەی تابلۆکە ببینم.
لە چەند مانگی یەکەمدا، هەوڵەکانم هیچ ئەنجامێکیان نەدا بەدەستەوە. دەستم کرد بە گەڕان بە داوی هەرچی ئەدەبیاتێکدا کە باسی (یونگیستیدت)ی دەکرد، بەڵکو شتێک بدۆزمەوە کە بەرەوە ئەنجامێکم ببات. لە قاموسیی بیبلۆگارفیایی سوێدیدا، لە ژێر ناوی (یونگیستیدت)دا سەرچاوەی بابەتەکانی ئەوم دۆزییەوە. ئەوەش تەنها خاڵێکی دەستپێک بوو کە بتوانم لێوەی دەست بە لێکۆڵینەوەکەی داهاتووم بکەم. داوام لە کتێبخانەی هونەریی کرد کە ئەو بابەتانەم بۆ بنێرن. ئەوەش کەرەستەیەکی خوێندکارانە بوو کە تێیدا باسی هەموو تابلۆکانی ئەوی تێدا کرابوو بە کەمێک زانیاری لەسەر هەریەکەیان. لەوێدا زانیاریەکی زۆر گرنگ لەسەر تابلۆکە نووسرابوو، کە تێیدا نووسرابوو کە ئاکسیل یونگیستیدت تابلۆیەکی بچوکتری دروستکردووە لە ساڵی 1900 دا، کە کچەکەی شەریف پاشا، خاوەنی بووە، دوای کۆچی دوایی لە ساڵی 1951 دا. پاشان تابلۆکە فرۆشراوە بە سەفیری سوێد لە قاهیرە، ئادۆلف کرۆنەبورگ، 1966.
دوای ئەو داوە دەزووی زانیارییە، پەیوەندیم بە وەزارەتی جاریجییەوە کرد و بە ناو ئەرکیڤەکەیاندا گەڕام بۆ ئەوەی بتوانم زانیاری زۆرتر لەسەر خێزانی کرۆنەبورگ پەیدابکەم و بزانم ئاخۆ هیچ کام لە ئەندامانی خێزانەکەی لە ژیاندا ماون. ئەوە بوو بۆم دەرکەوت کە هەردوو کوڕەکەی لە ستۆکهۆڵم دەژین. بەگوێرەی قسەی یەکێک لە کوڕەکانی کرۆنەبۆرگ، ڕۆتگێر کرۆنەبۆرگ، باوکی تابلۆکەی لەگەڵ خۆی هێناوەتەوە بۆ ستۆکهۆڵم، کاتێک ئەو لە ساڵی 1966 دا، خانەنشین دەکرێت. ئادۆلف کرۆنەبۆرگ لە ساڵی 1983 دا کۆچیی دوایی کردووە. ژنەکەی تابلۆکەی وەک یادگارییەک لای خۆی دەهێڵێتەوە. بە قسەی ڕوتگێر کرۆنەبۆرگ، دایکی لە ساڵی 1986 دا، تابلۆکە پێشکەشی کۆشکی دۆڵمەباخچە دەکات لە ئەستەمبووڵ. ڕوتگێر پێی وتم کە دەتوانم پەیوەندی بە (نیلس-ئوربان ئالارد)وە بکەم لە وەزارەتی خاریجی کە ئەو تابلۆکەی ڕەوانەی ئەستەمبووڵ کردبوو، چونکە نیلس ئەوکاتە لە کۆنسوڵی سوێد لە ئەستەمبووڵ کاری کردووە. دوای ئەوەی لەگەڵ نیلس قسەم کرد، پێی ڕاگەیاندم کە بەڵێ ڕاستە ئەو تابلۆیە لەلایەن ئەو خێزانەوە لە ماوەی بیست ساڵدا هەڵگیرابوو، پاشان ئەوان بە تورکیایان بەخشی و ئێستا لە کۆشکی دۆڵمەباخچە لە ئەستەمبووڵ دانراوە. لەسەر داوای ژنەکەی کرۆنەبیرگی، نیلس-ئوربان سەردانی کۆشکی دۆڵمەباخچە دەکات لە ساڵی 1986 دا، بۆ ئەوەی تەئکید بکاتەوە کە تابلۆکە گەیشتووە. تابلۆکە بە شێوەیەکی زۆر باش لە یەکێک لە ساڵۆنەکاندا هەڵوسرابوو. ئێستا تابلۆکە لەگەڵ تابلۆکانی تری ئەو کۆشکەدا هەڵگیراوە. بەم شێوەیە لە کۆتایدا توانیم "جێگا شاراوەکەیی" تابلۆکە بدۆزمەوە.
کاتێک کتێبەکەم لەسەر شەریف پاشا لە ساڵی 1995 بە چاپ دەگەیشت، ویستم کۆپییەک یانیش وێنەیەکی ئەو تابلۆیە لەگەڵ ئەو ئەلبومەی کە لە کۆتایی کتێبەکەمدا هەبوو، بە دەست بخەم. هەر ئەوەش نا بەڵکو دەمویست بۆ خۆم ئەو بەرهەمە مێژووییە ببینم. تەلفونێکم بۆ نیلس-ئوربان کردوو و داوام لێکرد کە یارمەتیم بدات وێنەیەکی ئەو تابلۆیەم بۆ پەیدا بکات. لە ڕێگای کۆنسوڵی سوێدەوە توانیم دوای چەند مانگێگ وێنەیەکی تابلۆکە پەیدا بکەم. لەو ماوەیەیی کە چاوەڕوانی وێنەکەم دەکرد، بیرم بۆ ئەوە چوو کە ئاخۆ بلێی وێنەیەکی ئەو تابلۆیە لەلایە خێزانی کرۆنبێرگ هەڵنەگیرابێت. ئەوان وێنەیەکی ڕەوش و سپیی

تابلۆکەیان لە ئەرشیفەکەیاندا هەڵگرتبوو. هەروەها لە یاداشتنامەکانی ئادۆلفدا، چەند دێرێک لەسەر تابلۆکە نووسرابوو. بە قسەی ئادۆلف، کچەکەی شەریف پاشا کە چەند ساڵێک لە قاهیرە ژیاوە، ویستوویەتی پێش ئەوەی بمرێت تابلۆکە ببرێتەوە بۆ سوێد. ئادۆلف نامەیەک دەنێرێت بۆ سکرتێری پاشا و مۆزخانەی نەتەوەیی، بەڵام هیچکامیان ئارەزوویان بۆ تابلۆکە نیشان نەداوە، بۆیە ئەو خۆی دەیکرێتەوە. لە کۆتایدا دوو وێنەم دەستکەوت کە لە دوو لاوە گیراون. لە هەردوو وێنەکەدا، شەریف پاشا و پاشا ئۆسکاری دووەم دەبینرێن کە خەریکی قسەکردنن. لە پشتیانەوە، هوگۆ یونگستیدت (خزمی هونەرمەند ئاکسل یونگستیدت)ە لەگەڵ چەند ئەفسەرێکدا دەبینرێت. لە زۆر سەرچاوەدا باسی ئەوە کراوە ئاکسل یونگستیدت بە تابلۆکانی کە لەسەر ئۆسکاری دووەم کێشاوییەتی بەناوبانگ بووە، ئەو بیست تابلۆی پاشایی کێشاوە.

لە گۆشەنیگایەکی مێژووییەوە، ئەو تابلۆیە عیبارەتێکی گەورەیە لە برادەرایەتی کورد و سوێدییەکان.

# شەریف پاشا، کێ بوو؟

**بەشی دەیەم**

**نووسینی: ڕۆهات ئالەکۆم**
**وەرگێڕانی: کاوە ئەمین**

*Prinsessan Emine (ur* Svenska Dagbladet *31/5 1908)*



**لە چەند دەرفەتێکدا، شەریف پاشا، هەڵوێستی خۆی لەمەڕ کۆمەڵگایی سوێد و، سوێد وەک وڵاتێک دەربڕیوە. لە یەکێک لەو گفتوگۆ سەرەتاییانەی کە لە گەڵیدا کردوویانە، پەسندی پەیوەندیی داو و دەزگایی پاشایەتی لەگەڵ خەڵکەکەیدا دەدات: "من ئەو مێژووە پرشنگدار و بە بەهایانە دەبینم، هەر لە کۆنەوە سوێدییەکان هێزیی جوامێرانەی خۆیان پاراستووە، ئەمەش بووتە هۆی ئەوەی کە دۆست بۆخۆیان پەیدا بکەن. لە ناو وڵاتەکەشدا من لەگەڵ پاشا دا، بەشداریی ڕاوشکارم کردووە، لە هەموو شوێنێک مرۆڤ، ڕێکوپێکیی و تەندروستیی بەرچاو دەکەوێت. ئەو پەیوەندییە هارمۆنییەی نێوان پاشا و خەڵک کە چۆن لە دەوریی کۆدەبنەوە و کاتێک دەردەکەوێت بە چ شێوەیە پیایدا هەڵدەدەن".**

**لە هەموو ئەو گفتوگۆیانەی لەگەڵ شەریف پاشا لە ڕۆژنامەکاندا کراون، ئەوەمان نیشان دەدات کە شەریف پاشا عەلاقەیەکی زۆری بۆ سوێد و پایتەختەکەی هەبووە. پێش ئەوەی شەریف پاشا، سوێد بەجێبهێڵێ، ڕۆژنامەی (سڤێنسکا داگبلادیت) گفتوگۆیەکی لەگەڵەدا کردووە. لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئاخۆ جەناب عالی چی لە وڵات و گەلی ئێمە فێربووە و لەگەڵ خۆیدا دەیبات، شەریف پاشا دەڵێت :" ڕەنگە من زۆر بە ڕوونی لە کاتی نووسینی ئەو نامانەی کە بۆ ڕێژیمی خۆمانم ناردووە، ئەوەم دەربڕیبێت. داوای ئەوەم لێکردوون کە لاوانی ئێمە بنێرن بۆ ئێرە تا لێکۆڵینەوە لەسەر شتە پڕبایەخ و بەرزەکانی ئێرە لە هەموو ڕویکەوە بکەن. چونکە من لەوە تێگەیشتووم کە کارێکی وا خزمەتێکی گەورە بە خۆیان و وڵاتەکەمان دەکات".**
**شەریف پاشا، لەوە تێگەیشتووە کە سوێد یەکێکە لەو وڵاتە ئدیالیانەی کە ئەو ئاشنایەتی لەگەڵ پەیدا کردووە. یەکێک لەو شتانەی کە شەریف پاشا پێی سەرسام بووە ئەوە بووە کە سوێدیەکان توانیویانە ڕەخنە لە وڵاتەکەیان بگرن، بە قسەی شەریف پاشا، یاسا ئەخلاقییەکانی سوێد جیاوازیی هەبووە لەگەڵ هەموو وڵاتانی دیکەی ئەورووپا.**

**ژیانی شازادە ئێمینە لە ستۆکهۆڵم**

**ژنەکەی شەریف پاشا، شازادە ئێمینە، مندالێ مندالێ دامەزرێنەری دەوڵەتی میسر، محەمەد عەلی پاشا، بووە. باوکی ناوی حەلیم بووە. لەو ڕاپۆرتانەی کە لە کۆنسۆلی سوێدە لە ئەستەنبووڵەوە نێردراوە، باسی ئەوەیان کردووە کە شازادە، خانمێکی زۆر دەوڵەمەند بووە. ئەوان خاوەنی (مەبەست شەریف پاشا و ژنەکەیەتی)، زەوی و زارێکی زۆر بوون لە قەراخ ڕووباری نیل. شازادە ئێمینە لە ساڵی 1868 لە میسر لە دایک بووە. بەڵام لە ئەستەمبووڵ گەورە بووە و لە ساڵی 1890 دا شوویی بە شەریف پاشا کردووە و سێ مندالیان بووە. مندالێ یەکەمیان کە کچێک بووە لە ساڵی 1892 دا لە ئەستەمبووڵ لە دایک بووە و بەناوی باوکییەوە کە شێوەیەکی بۆ مێینەش بەکار دێت، ناویان ناوە (شەریفە). دوو کچەکەی تری بەناوەکانی سەعیدە و جەسا، لە ستۆکهۆڵم لە دایک بوون. تەنها خەمێک کە لەماوەی ژیانیان لە ستۆکهۆڵم ڕووبەڕویان بووەتەوە، ئەوە**

بووه كە  کچی یەکەمیان کە لە ستۆکهۆڵم لە دایک بووە،کچە دوو ساڵانەکەیان سەعیدە، دەمرێت. دوای ئەوەی کە دەچن بۆ فەرەنسا، کچە گەورەکەی شەریف پاشا، شەریفە، شانزە ساڵان و کچە بچکۆلەکەیشی جەسا، شەش ساڵان دەبن.

شازادە ئێمینە، ژنی ماڵەوە دەبێت و هەمانکات دایکێکی میهرەبان بووە. کاری سەرەکی ئەو بەخێوکردنی منداڵەکانی بووە. لە کاتی ئازادیی خۆیشیدا، زیاتر خەریکی خوێندنەوە دەبێت. ئەو کەسێک بووە بەهرەیەکی چاکی فێربوونی زمانی هەبووە، زمانەکانی ئینگلیزی، فەرەنسی و سوێدی، هەم بە نووسین و هەمیش بە قسە کردن، بەچاکی زانیووە. مامۆستایەکی شەخسیی هەبووە کە فێری زمانی سوێدی کردووە بە ناوی فەنیی پێتەرشۆن. ئارەزوویەکی زۆری بۆ ئەدەبی ژنان هەبووە. دوو خەباتکاری بواری مافی ژنان کە ئەو زۆر پێیان موعجیب بووە، فرێدریکا برێمەر و پرۆفیسۆر ئانمارگرێت هۆڵمگرێن بوون. کتێبە بەناوبانگەکەی فرێدریکا (هیرسا) کتێبێک بووە کە شازادە ئێمینە زۆر حەزی لێکردووە. کاتێک بەراوردیی ڕەوشی ژنانی ڕۆژهەڵات و سوێد کراوە، بەبێ دوو دڵی وتوویەتی کە ئێمە پەنجا ساڵ لەدوایی ئێوەوەین.  بە وتەی مامۆستاکەی، شازادە، دژی هەژاریی، شەڕ و نابەرابەریی کۆمەڵایەتی بووە.

کاتێک ئەوان دێن بۆ سوێد، ڕاگەیاندنی سوێد هەوڵیان داوە بە هەچ شێوەیەک بووە پەیوەندی بە شازادە ئێمینەوە بکەن. بەڵام شازادە ئەوەی ڕەتکردۆتەوە. ئەو پابەندی عادات و تەقالیدی وڵاتەکەی خۆی بووە:
"شۆخ و شەنگی شازادە و زیاتریش بەهۆی بەشداری نەکردنی لە ژیانی کۆمەڵایەتیە فەرمیەکاندا، بووە هۆی ئەوەی کە مقۆمقۆیەکی زۆر لە ستۆکهۆڵم بنێتەوە، ئەوەش زیاتر بە هۆی ئەو داب و نەریتە ڕۆژهەڵاتیانەوە بوو کە ڕێگای لە بەشداری کردنی ئەو دەگرت".

شازادە لە چەند یاد و یوبلیۆمێکی جیاوازدا بە شێوەیەکی فەرمی بەشداری کردووە. ئەو لەگەڵ شەریف پاشادا، بەشداری لە یادی پەنجا ساڵەی پاشا گوستاڤ دەکات. وێنەی ئەو، لە دوایدا لە ڕاگەیاندنیی سوێددا بلاوکرایەوە.  ڕۆژنامەکان دەستەواژەی "دولبەر- شارمانت)یان بۆ بەکارهێناوە. ئایا شەریف پاشا، چۆن لە هاتنی ژنەکەی بۆ ستۆکهۆڵمی ڕوانیوە؟ لە وەڵامدا دەڵێت: لە سەرەتادا، ژنەکەم، شەرمی دەکرد لە دەرەوە خۆی نیشان بدات، بەڵام پاشان زۆر بە خێرای خوی بە پەیوەندییە سوێدیەکانەوە گرت و تەنانەت زۆر بە چاکی فێری زمانی سوێدی بوو، شتێک کە من پاش دە ساڵ لە سوێد هێشتا نەیگەیشتومەتێ".

پێش ئەوەی ئەوان سوێد بەجێبهێڵێن، هاوکارێکی ڕۆژنامەی داگیترنیهێتەر ئاوا باسی شازادە ئێمینە دەکات: هەتا ئەم دواییەش هێندە پابەندی عادات و تەقالیدی وڵاتەکەی بوو کە نەیدەوێرا بەبێ لەچکە خۆی نیشانی هیچ پیاوێک بدات. ئەوە بە شێوە فەرمییکەی، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو هەر لەسەرەتاوە هەندێک لە یاسا تورکیەکانی شکاندبوو...".
دوای ئەوەی کە خێزانی شەریف پاشا دەچن بۆ فەڕەنسا، شازادە شان بە شانی مێردەکەی دەکەوێتە دژایەتی تورکە گەنجەکان کە سیاسەتە خەتەرەکەیان لە کۆتایدا بووە هۆی هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانی، لە کۆتایی شەڕی جیهانی یەکەمدا. شازادە ئێمینە بە غیاب بە پێنج ساڵ نەفی کردن حوکووم درا، ئەوە لە کاتێکدا کە مێردەکەی واتە شەریف پاشایان بە کاری سەختکردن حوکوومدا هەتا لە ژیاندا بێت. دوای جەنگی جیهانی یەکەم،ژمارەیەک گرووپی ئێتنیکی و نەتەوەیی دەنگی خۆیان بەرزکردەوە بە تایبەتیش لە ئەستەمبووڵ. ژمارەیەکی زۆر ڕێکخراویی سیاسیی دامەزران، لە نێویاندا یەکەمین کۆمەڵەی ژنانی کورد هەبوو بە ناوی کۆمەڵەی ژنانی کورد بۆ گەشەکردن (کورت کادنلەری تەعالی جەمعیەتی) لە ئەستەمبووڵ.  بە گوێرەی تێبینیەک کە لە ڕۆژمانەی (ئیستیقلال) لە 9 جونی 1919 دا بلاوکراوەتەوە، شازادە ئێمینە یەکێک لەوانە بووە کە کاندیدیان کردووە بۆ سەرۆکی کۆمەڵەکەیان، بەرپرسیارێتییەک کە شازادە ئامادە بووە بیخاتە سەرشانی خۆی. کۆمەڵەی ژنانی کورد، لەو تەلەگرافەی کە لە ئەستەمبووڵەوە ناردوویانە بۆ پاریس، سوپاسی شازادە ئێمینەیان کردووە بۆ کار و تێکۆشانەکانی.